"ئەوەی ڕیال مەدرید بۆ ڕۆناڵدۆ دەیکات بۆ بەیڵ بیکات زۆر باشتر دەبێت"

# ڕۆناڵدۆ خۆویستە نەک بەیڵ



**ڕووداوی وەرزشی - CNBC**

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی دەڵێت «ڕۆناڵدۆ خۆویستە نەک بەیڵ، ئەگەر ئەوەی ڕیال مەدرید بۆ ڕۆناڵدۆ دەیکات بۆ بەیڵ بکات زۆر باشتر دەبێت».

هێشتا کێشەی نێوان ئەو دوو ئەستێرەیە بابەتی ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، بەڵام ئەمجارەیان خەریکە بەیڵ پشتیوانی هەندێک لەو دەزگایانە بەدەستدێنێت، کە پێشتر هەموویان پشتی ڕۆناڵدۆیان دەگرت. بۆ نموونە ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی، لە دژی ڕۆناڵدۆ بەرگری لە بەیڵ دەکات و دەڵێت «هەموو ئەو تۆمەتانەی لەبەرخاتری ڕۆناڵدۆ دەدرێنە پاڵ بەیڵەوە تەواو پێچەوانەن».

ئەو ڕۆژنامەیە لەسەر هێرشکردنە سەر ڕۆناڵدۆ و داکۆکیکردن لە بەیڵ بەردەوامەو دەڵێت «ڕۆژنامەکان باس لەوە دەکەن کە بەیڵ خۆویستەو پاس ناداتە ڕۆناڵدۆ، بەڵام پێچەوانەی ئەم قسەیە ڕاستەو ژمارەکانیش بەڵگەن، چونکە لەوەتەی بەیڵ پەیوەندی بە ڕیال مەدریدەوە کردووە 14 گۆڵی بۆ ڕۆناڵدۆ دروستکردووە، کەچی ڕۆناڵدۆ تەنیا 3 گۆڵی بۆ بەیڵ دروستکردووە، دەی بڵێن ڕۆناڵدۆ خۆویستە یان بەیڵ؟». هەروەها دەشڵێت «ڕۆناڵدۆ هەموو لێدانە ڕاستەوخۆکانی بۆخۆی قورخکردووە. ئەگەر وەک ئەوەی هەموو یاریزانانی ڕیال مەدرید یاری بۆ ڕۆناڵدۆ دەکەن ئەوە بۆ بەیڵ بکەن زۆر زیاتر لە ڕۆناڵدۆ گۆڵ تۆماردەکات، بەتایبەتیش ئەگەر پەناڵتی و لێدانەکانی ڕاستەوخۆش بۆ بەیڵ بن، کە بە دڵنیاییەوە بەیڵ باشتر جێبەجێیان دەکات».

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (337) سێشەممە 2015/2/3 14ی ڕێبەندانی 2714 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

ستەمکارە نەک ستەملێکراو..

# نیمار گورگە لە پێستی مەڕدا

"نیمار بەردەوام فێڵ لە ناوبژیوانان دەکات و هاندەران تووڕە دەکات"

3»





لە پەنچەرچی ئۆتۆمبێلەوە بۆ پلەی دووەمی لەشجوانی جیهان

2



## ئەستێرەی کچە کوردێک لە چامپیۆنسلیگ دەدرەوشێتەوە

2»



## عێراقییەکی کوردە یان کوردێکی عێراقی؟

ئازاد گوڵەیی رۆژنامەنووسی کوردی دانیشتووی سویسرا لە وتارێکی رۆژنامەوانیدا رەخنە لە عەبدولخالق مەسعودی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەگرێت و لە مانشێتی وتارەکەیدا دەپرسێت «عەبدولخالق مەسعود عێراقییەکی کوردە یان کوردێکی عێراقی؟». ئەو لە وتارەکەیدا باس لەوەدەکات کە سەرۆکە کوردەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هیچی بۆ وەرزشی کوردستان نەکردووەو دەڵێت «عەبدولخالق مەسعود و هاوکارانی بێجگە لە سەفەرکردن بۆ دەرەوەو پارە خەرجکردنی زۆر هیچ شتێکی دیکەیان بەلاوە گرنگ نییە، تەنانەت حوسێن سەعیدی سەرۆکی پێشووتری یەکێتی تۆپی پێی عێراق، کە عەرەبە زیاتر لە عەبدولخالق مەسعود خزمەتی وەرزشی کوردستانی کردووە».

## گۆران عوسمان..

# لە پەنچەرچی ئۆتۆمبێلەوە بۆ پلەی دووەمی لەشجوانی جیهان



لە فرۆکەخانە بەرپرسان و رۆژنامەوانان پێشوازییان نەکرد و گریا..

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی - هەولێر**

گۆران عوسمان، کورەهەژارێکی هەولێرەو بژێوی ژیانی بە کاری پەنچەرچی ئۆتۆمبێل دابیندەکات، لەپاڵ ئەوەشدا پاڵەوانێکی لەشجوانییە و بەم دواییە لە پاڵەوانیەتیی جیهان لە ئاستی لاوان لە هیندستان پلەی دووەمی بەدەستهێنا، بەڵام کەس بایەخی پێنەداوەو باسی نەکراوە.

گۆران، رۆژانە جگە لە کارە قورسەکەی، ئێوارانیش مەشق و راهێنان ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی ئاستی خۆی بەرەو پێشەوەببات، بەڵام ئەو بە پارەی کارەکەی ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانیەتیی لەشجوانی دابین بکات، بۆیە وەکخۆی بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «ناچارە ئۆتۆمبێلەکەی بفرۆشێت، کە ئۆتۆمبێلێکی مامناوەندییە، بۆ ئەوەی قەرزی ئامادەکارییەکانی پاڵەوانیەتی رابردووی پێبداتەوەو بە بەشێکیشی پارەی ئامادەکاری بۆ پاڵەوانیەتی داهاتوو دابین بکات».

### لە هۆڵی پاڵەوانان مەشقدەکات

ئەو پاڵەوانە کوردە رۆژانە لە هۆڵی مامۆستا جەمال کەمال لە هەولێر مەشقدەکات، ئەو هۆڵەی دەیان پاڵەوانی تێدا دروستبووەو لە ئاستی عێراق و جیهاندا بوونەتە پاڵەوان و بەشێکیشیان ئێستا زۆر ناسراون، گۆرانیش یەکێکە لەو پاڵەوانانەی، کە لەم هۆڵەوە بەمدواییە خۆی بە نێوەندی وەرزشی لەشجوانی ناساند و بەهێز هاتە مەیدانەوە.

گۆران دەڵێت «ساڵێک لە هۆڵی مامۆستا فاخیر مەشقمکرد، دواتر رووم لە هۆڵی مامۆستا جەمال کردو زیاتر لە دوو ساڵە لەوێ مەشقدەکەم و ئاستم بەرزبووەتەوەو وایکرد بەشداری پاڵەوانیەتی لەشجوانیی جیهان لە هیند بکەم، کە پاڵەوانیەتیی فیدراسیۆنی لەشجوانی و فیزیکیی نێودەوڵەتی WBPF بوو، تێیدا نزیکەی 500 یاریزان بەشداربوون و توانیم لە ئاستی لاوان و لە کێشی 70 کیلۆگرام پلەی دووەم بەدەستبهێنم».

هەروەها دەڵێت «نابێت رۆڵی مامۆستا جەمال لەیادبکەم، کە مەشقی پێکردم و هەموو شتێکی بۆ کردم، تەنانەت ساڵی پێشووش بۆ یەکەمجار بەشداری پاڵەوانیەتیی هۆڵەکانی شاری هەولێرم کرد لەسەر دەستی ئەو راهێنەرە».

### کەس پێشوازی نەکرد و گریا

گۆران کە لە مۆمبای گەڕایەوە، چاوەڕێی ئەوەبوو لە فرۆکەخانەی هەولێر وەک پاڵەوانەکانی دیکە، میدیاکان بایەخی پێبدەن و بەرپرسانیش چەپکەگوڵی پێشکەش بکەن، بەڵام کە دێتەوە تووشی شۆک دەبێت، کاتێک دەبینێت هیچ رۆژنامەوان و میدیاکارێک لە پێشوازیدا نین و تەنیا چەند دۆست و هاورێیەک و خانەوادەکەی ئامادەبوونە.

گۆران بۆ ئەو چرکەساتانە گوتی «کە هاتمەوە دڵم خۆشبوو، ئاڵای کوردستانم ئامادەکردبوو تا پێیەوە دەربکەوم، چونکە لە هیند رێگەیان نەدا ئاڵای کوردستان بەرزبکەمەوەو گوتیان کوردستان وڵات نییە، کە گەڕامەوەش جگە لە چەند کەسایەتییەکی وەرزشیی لەشجوانی و راهێنەرەکەم و خانەوادەکەم و هەندێک لە هاورێیەکانم، کەسی دیکە ئامادەنەبوو، بۆیە بەدەست خۆم نەبوو دەستم بە گریان کرد».

### ئایا پاڵەوانیەتییەکە نافەرمی و دانپێدانراونەبوو؟

دەگوترێت ئەو پاڵەوانیەتییەی گۆران عوسمان لە مۆمبای بەشداری تێداکرد، دانپێدانراو نییە لە ئاستی جیهان، جگە لەوەش ئەو بەناوی هەڵبژاردەی عێراقەوە بەشداریکردووە، لەبەرئەوە گوایە ئاماژەیەک لەلایەن هەندێک کەسەوە بۆ میدیاکان هەبووە، کە گرنگی بەو پاڵەوانە نەدرێت، کاتێک دەگەڕێتەوە هەولێر و بە فەرمی پێشوازی نەکرێت.

لەو بارەوە جەمال کەمالی راهێنەری گۆران دەڵێت «من بەو کەسانە دەڵێم کە ئەو قسانەیان کردووە، ئایا یاری لەشجوانی یارییەکی ئۆڵۆمپییە، ئایا کامە فیدراسیۆنی لەشجوانی لەلایەن لیژنەی ئۆڵۆمپیی نێودەوڵەتییەوە دانپێدانراوە، لە دنیادا دەیان فیدراسیۆن و رێکخراو بۆ یاری لەشجوانی هەیە و چالاکی و پاڵەوانیەتی و تەنانەت ئەکادیمیایان هەیە، بەڵام هیچیان سەر بە لیژنەی ئۆڵومپیی نێودەوڵەتیی نین، چونکە یارییەکە خۆی ئۆڵۆمپی نییە».

### هەژاری رێگری لە ئامانج و خەونەکان ناکات

وەستا زیرەک خاوەنی ئەو شوێنەیە کە گۆران ئیشی پەنچەرچییەتیی تێدادەکات، ئەو دەڵێت «گۆران زۆر خۆی ماندوو دەکات، لە کارکردن لەلای ئێمە زۆر دڵسۆزە و لە هەمان کاتدا لە مەشقەکانیشدا دواناکەوێت، بەڵام بەداخەوە گرنگی پێنەدراوە».

گۆران ئێستا خۆی بۆ پاڵەوانیەتیی عێراق ئامادە دەکات و بە هیوای ئەوەیە پلەی یەکەم بەدەستبێنێت، ئەو لەو وەرزشوانانەیە کە لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆیان وەرزش دەکەن و گەیشتوونەتە سەر سەکۆیەکانی سەرکەوتن، ئەو لە پێناو ئاواتەکانی خۆی و ناساندنی ئاڵا و وڵاتەکەی بە جیهان، هیچ سنوورێکی بۆ ئاسۆی خەونەکانی دانەناوە.

## پاریزانانی لە رووی دەروونییەوە ئامادەنین..

# یانەی هەولێر بە نیازی خۆڕێکخستنەوەیە

**کارزان کانەبی**
**روداوی وەرزشی - هەولێر**

سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر دان بەوەدا دەنێت کە لایەنی دەروونی یاریزانەکانیان هۆکارێکی سەرەکی ئەنجامە خراپەکانی یانەکەیانە لە وەرزی ئەمساڵی خولی نایابی عێراقدا و دەشڵێت «هەروەها خراپی باری ئابووریش هۆکارێکی دیکەیە».

لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا ئاستی یانەی هەولێر وەک پێویست نییە، کە لە کۆی 6 یاریدا تەنیا 10 خاڵی کۆکردووەتەوە، بە 2 بردنەوەو 4 یەکسانبوون، لە کۆمەڵەکەیدا پلەی شەشەمی ریزبەندی یانەکانی گرتووە. ئەمەش هاندەرانی یانەکەی دڵگران کردووە.

عومەر سەلیمی سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی هەولێر، هۆکارەکانی ئەم بارودۆخەی یانەی پایتەخت بۆ (رووداوی وەرزشی) دەخاتەڕوو، دەڵێت «ئاستی ئەمساڵی یانەکەمان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو گۆڕانکاری خراپی بەسەردا هاتووە هەرچەندە یاریزانانمان هەمان یاریزانانی وەرزی رابردوون، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا یاریزانەکانمان کاریگەرن بە دۆڕانیان بەرامبەر یانەی قادسیەی کوێتی لە یاری کۆتایی جامی یانەکانی ئاسیای وەرزی رابردوو، لە رووی دەروونییەوە هێشتا نەهاتوونەتەوە سەرخۆیان و ئامادەنین». هەروەها دەشڵێت «هۆکارەکانی دیکەش بریتین لە نەبوونی یاریزانی بیانی لە پێکهاتەکەدا و نەبوونی راهێنەری هێزی جەستەیی و نەبوونی توانای دارایی باش، کە تاوەکو ئێستا یاریزانانی ئێمە هیچ برە پارەیەکی گرێبەستی خۆیان وەرنەگرتووەو داوای پارەی خۆشیان دەکەن».

ئەو بەرپرسەی یانەی هەولێر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرەڕای ئەم بارودۆخە خراپە، یاریزانەکانیان لە مەشقەکانیان بەردەوامن بۆ ئەوەی لە یارییەکانی داهاتوو قەرەبووی ئەم ئەنجامە خراپانە بکەنەوە.



## گۆڵیشی لێنەکراوە..

# کچە کوردێک لە چامپیۆنسلیگ دەدرەوشێتەوە

### جینیفەر ئاری: دەمەوێ ببمە گۆڵچی سەرەکی هەڵبژاردەی سوێد



**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی - سوێد**

بە دیاریکراوی چارەکە سەدەیەک زیاتر ئەوکاتەی ئاری حەمەی یاریزانی باسکەی پێشووی یانەی سیروان بڕیاری بەجێهێشتنی خاکی کوردستان دەدات، ئیدی لە وڵاتانی غەریبی لەنگەر دەگرێت و ماڵباتیش بونیاد دەنێت.

ئاری حەمە ساڵح، لە شاری سلێمانی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو وەرزش چووە ناخیەوە، بەڵام ئێستا نەوەکانی دەیانەوێت تۆڵەی ئەوکاتەی باوکیان بکەنەوەو ئەوەی ئەو نەیکرد ئەمان تەواوکاری بن.

جینیفەر ئاری، کچە کوردێکی دانیشتووی وڵاتی سوێدە، ئەو لە دایکێکی چیلی زێدی ماریۆ سالاس و زامۆرانۆو سانچێزو لە باوکێکی کورد لەدایکبووە، چونکە ئەوکات ئاری لە غوربەت ژیانی هاوسەری پێکهێنا.

جینیفەر ماوەی 10 ساڵ زیاتر سەرقاڵە بە یاریکردنی یاری تۆپی دەستەوە، ئەو ئێستا لە مەزنترین یانەی ئەورووپی یاریدەکات ئەویش یانەی IK-SAVEHOFی سوێدی کە تایبەتە بە یاری تۆپی دەست.

ئاری، سەبارەت بە کچەکەی دەڵێت «لە شاری پارتیلیی سوێد هەموو ماڵێک یاریزانێکی بەردەکەوێت. ئەو یانەیەی جنیفەر یاری بۆ دەکات ماوەی 3 ساڵە هیچ یارییەکی نەدۆراندووەو ئێستاش 12 یاریزانی پێشووی ئەو تیپە لە خولەکانی ئەورووپا یاریدەکەن و 7 یاریزانی ئەم پێکهاتەی ئێستای یاریزانی سەرەکی هەڵبژاردەی کچانی سوێدن، کە ئەمساڵ توانیان ببەنە سێیەمی ئەورووپاو سەربکەون بۆ پاڵەوانیەتی جیهان، کە ئەمساڵ لە وڵاتی دانیمارک بەڕێوەدەچێت.

جینیفەر ئێوارەی رۆژی 2015/2/27 مێژوویەکی مەزنی بۆخۆی تۆمارکرد کاتێک لە تەمەنی 20 ساڵی دوای 10 ساڵ یاریکردن بۆ تیپەکانی تەمەن جیاوازەکانی سێڤە هۆفی بۆ ماوەی 5 خولەک شوێنی بە دوو گۆڵچییە سەرەکیەکەی یانەکەی لەق کرد کە هەردووکیان گۆڵچی هەڵبژاردەی سوێدن و ئەو بۆ یەکەمجار لە خولی پلە نایابی ئەو وڵاتە بووە گۆڵچی یانەکەی و لەو ماوەیەدا لە شووت گەڕانەوەدا زیاتر نەیهێشت تۆپێک تۆڕەکەی لول بدات.

ئەو یاریزانە ناوەکەی کوردی نییە، بەڵام خۆی کوردییەکەی چووەتە سەر باوکی سەبارەت بە ئەزموونی چەند ساڵەی لە یاریکردن لە خولەکانی ئەورووپا بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە منداڵییەوە لەگەڵ وەرزش تێکەڵ بووم، زۆربەی یارییەکانم دەکرد، بەڵام لێرە دەبێت تەنیا یەک یاری هەڵبژێریت منیش رووم کردە تۆپی دەست و ئێستا هەموو ژیانم بووەتە یاریکردن، من پاڵپشتی گەورەم باوک و دایک بوو، دەمەوێت بە سەرکەوتنم لە وەرزشەکەم پاداشتی ئەوان بدەمەوە، هەروەها راهێنەرەکانیشم و زۆرینەی تیپەکەم کە دواجار منیان بەو ئاستە گەیاند».

جینفیەر، ئێستا خاوەنی رەگەزنامەی سوێدییە، بەدەر لەوەی خەونی پیشەگەری وڵاتانی ئەسکەندەناڤی هەیە، دەڵێت «دەخوازم ئیتر لەم هەنگاوە نوێیەوە بتوانم بەرەو هەڵبژاردەی یەکەمی سوێد برۆم و ببمە گۆڵچی ئەوان. کە بێگومانم ئەگەر هەوڵەکانم و ئاستم لە بەرزبوونەوەدا بێت هیچ رێگرییەک لەبەردەم ئەو خەونەمدا نابێت».

سێڤە هۆفی، 7 ساڵە لەسەر یەک قۆرخی نازناوی ئەو وڵاتەی کردووە، یاریزانەکانی ئەمساڵ لە چامپیۆنسلیگی ئەورووپادا بەنیازن بە جامی یەکەمەوە خۆیان بکەنەوە بەو شارەی بە پایتەختی تۆپی دەست لەو وڵاتە ناسراوە. کە لە پاڵەوانیەتییەدا لە قۆناخی کۆمەڵەکان یانەکەی جینیفەر لە کۆمەڵەیەکدایە پاڵەوانی وڵاتەکانی دانیمارک و نەرویج و رۆمانیا و هەنگاریای تێدا کۆبووەتەوە.



ژمارە (337) سێشەممە 2015/2/3

## ئاشکرابوو



لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی هەشتەمی جامی شای ئیسپانیا، لە نێوان هەردوو یانەی بارسیلۆنا و ئەتلەتیکۆ مەدریددا، بەهرەیەکی دیکەی جۆردی ئەلبای بەرگریکاری یانەی بارسیلۆنا ئاشکرابوو، کە بەهۆی راکردنێکی دەرکەوت ئەو یاریزانەش یەکێکە لە خێراترین یاریزانانی جیهان. رۆژنامەکان ئاشکرایانکرد کە خێرایی ئەلبا لەو راکردنەیدا کە گۆڵی سێیەمی بارسای بۆ نیماری هاوڕێی دروستکرد بریتی بووە لە بڕینی 100 مەتر بە 11 چرکە. ئەم خێراییەش نزیکە لە خێرایی راکەرە بەناوبانگەکانی پێشبڕکێی 100 مەتر راکردن.

فێڵ لە هەموویان دەکات..

# نیمار ستەمکارە نەک ستەملێکراو



**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لە راپۆرتێکی نوێدا هەندێک زانیاری نوێ لەسەر نیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی ئاشکرادەکات و رایدەگەیەنێت کە ئەو ستەمکارە نەک ستەملێکراو و دەڵێت «ئەو هەموو توندو تیژییەی دژی نیمار بەکاردەهێنرێت هۆکارەکەی خودی خۆیەتی».

### دەمارەکان دەگرێت

بە گوێرەی راپۆرتێکی مارکا، ئەو توندو تیژییەی دژی نیمار ئەنجام دەدرێت بێ هۆکار نییە، بەڵکو ئەو زۆرترین یاری بە دەماری یاریزانانی تیپی بەرامبەر دەکات و لەو بارەوە نووسیویەتی «نیمار ئەو یاریزانە هێمن و لەسەرخۆیە نییە وەک خۆی لەسەرەوە نیشان دەدا، بەڵکو لە ژێرەوە یاریزانێکی زۆر ئاژاوەگێڕە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر شارەزا». ئەو رۆژنامەیە قسەکانی خۆی زیاتر روونده‌کاتەوەو دەڵێت «نیمار هەمیشە حساب بۆ ناوبژیوان و زوومی کامێرەکان دەکات، کەی بینی لە چاوی ئەو دووانە دوورە یاری بە دەماری یاریزانانی دیکە دەکات و بە چەندین قسە و جووڵەی ناشیرین تووڕەیان دەکات».

### نیمار چیدەکات؟

رۆژنامەی مارکا، کە زۆر نزیکە لە یانەی ریال مەدریدی رکابەری تەقلیدی یانەکەی نیمار، لەو راپۆرتەدا هەندێک هەڵسوکەوتی نیمار بە نموونە دەهێنێتەوە، بە تایبەتیش لە یارییە گەورە و زەحمەتەکاندا، کە چۆن هەوڵدەدات بە شێوازە تایبەتییەکانی خۆی یاریزانانی تیپی بەرامبەر تووڕە بکات و وایان لێبکات توندو تیژی دژی بەکاربهێنن بۆ ئەوەی لەلایەن ناوبژیوانەوە تووشی رووبەڕووی کارتی زەرد و سوور ببنەوەو نووسیویەتی «یەکێک لەو هەڵسوکەوتانەی نیمار کە یاریزانانی تیپی بەرامبەر تووڕە دەکات ئەو سەما و هەڵپەڕینەیە کە نیمار بە ئەنقەست دوای گۆڵکردن ئەنجامی دەدات». بە قسەی مارکا «هەموو زۆر بە شێوازی سەما و ئاهەنگگێڕانی نیمار تووڕە دەبن، چونکە بە شێوەیەکی زۆر ئیستیفزازی و گاڵتەجاڕانە ئەنجامی دەدات، هەرچەندە هەر کەسێک لەو کارەیدا ئازادەو یاسا ناتوانێت سزای بدات». هەروەها ئەو رۆژنامەیە دەڵێت «کارێکی دیکەی نیمار ئەوەیە هەر کاتێ زانی چاوی ناوبژیوانی لەسەر نییە، قسەی ناشیرین و جنێو بە یاریزانانی دژی تیپەکەی دەدات و دەماریان دەگرێت. تەنانەت زۆرجار بە دەستەکانی جووڵەی زۆر ناشیرین بەرامبەر ئەو یاریزانانە دەکات و هەر کاتێ زوومی کامێرایەک بکەوێتە سەر نیمار لە کاتی ئەنجامدانی یەکێک لەو جووڵە ناشیرینانە ئابڕۆی دەچێت».

### خۆخستنەوەکانی زۆرترین خەڵک تووڕە دەکات

مارکا بەوەندەش راناوەستێت و ئاماژە بۆ رێگەیەکی دیکەش دەکات کە بەهۆیەوە نیمار زۆرترین ژمارەی یاریزانان و هاندەران تووڕە دەکات، ئەویش بە درۆ خۆخستنە سەر زەوییە لەناو هێڵی سزا و لە دەرەوەی هێڵی سزاشدا، بۆ ئەوەی فێڵ لە ناوبژیوان بکات و لێدانێکی سزا یان لێدانێکی راستەوخۆی نزیک لە گۆڵی تیپی بەرامبەر بەدەستبێنێت و نووسیویەتی «نیمار زۆرجار بەم شێوازە فێڵی لە ناوبژیوان کردووەو یاریزانانی تیپی بەرامبەریش بە ناهەق رووبەڕووی کارتی زەرد و سووری کردووەتەوە».

### گورگە لە پێستی مەڕدا

هەرچەندە رۆژنامەکانی کەتالۆنیا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەڵامی ئەم تۆمەتانەیان نەداوەتەوە، بەڵام ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە ئەم جۆرە رەفتارانە لەلایەن هەموو یاریزانانەوە دەکرێن و رەفتاری کریستیانۆ رۆناڵدۆ بەبیر مەدریدییەکان دەهێننەوە کە چۆن لە یاریزانێکی کورتۆبەی داو بەو هۆیەوە بە کارتی سوور دەرکراو بۆ ماوەی دوو یاری راگیرا. لەگەڵ ئەوەشدا مەدریدییەکان سوورن لەسەر ئەوەی «نیمار ستەمکارە نەک ستەملێکراو». واتە وەک کورد گوتەنی «نیمار گورگە لە پێستی مەڕدا».



# هاندەرانی یانەیەکی بەلجیکی دەبنە داعش




**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

پێدەچێت کاریگەری داعش تەنیا لەسەر سیاسەت نەبێت، بەڵکو بە وەرزشیش گەیشتووە، لەبەرئەوەی هاندەرانی یانەی ستاندار لیاجی بەلجیکی لافیتەیەکی گەورەیان بە شێوازی داعشیی بەرزکردەوە.

هاندەرانی ئەو یانەیە سرووشی لافیتەیەکی هاندانیان بۆ تیپەکەیان لەو ڤیدیۆیانە وەرگرتووە، کە رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کاتی سەربڕینی نەیارەکانی بڵاویاندەکاتەوە. ئەو هاندەرانە مشتومڕێکی زۆریان نایەوە دوای ئەوەی لافیتەیەکی گەورەیان بەرزکردەوە، کە وێنەی کەسێکی دەمامکداری لەسەربوو بە دەستێکی شمشێر و بە دەستەکەی دیکەیشی وێنەی سەری براوی ستیڤن دی فۆری یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ئەندرلەخت گرتبوو، لەگەڵ رستەیەکی هەڕەشەکردن کە داوای لێکرابوو بێتە ریزەکانی یانەکەیان، ئەگەرنا دەمرێت.

دەسەڵاتدارانی بەلجیکا بەنیازن بڕیاری سزادانی توند لە دژی یانەکە بگرنەبەر، وەک کاردانەوەی شێوازی جەماوەرکەی لە هاندانی تیپەکەیان، ئەو هەڵسوکەوتەی هاندەران وای لە ستیڤن کرد تۆپ لە هاندەرانی یانەکە بگرێت، کە بووە هۆی وەرگرتنی کارتی سوور و دەرکردنی لە نێو یاریگەدا. ئەو یاریزانە تازە چووەتە ریزەکانی ئەندرلەخت و پێشتر 5 ساڵ کاپتنی ستاندار لیاج بووە، بەر لەوەی لە ساڵی 2011 بچێتە یانەی پۆرتۆی پورتوگالی و 3 ساڵیش لەوێ مایەوە، پاشان گەڕایەوە بەلجیکا و چووە ریزەکانی ئەندرلەخت.

# عەیبە..

## «جارێکی دیکە باسی پیپێ مەکەنەوە»

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لەم رۆژانەدا هەوادارانی ریال مەدرید هێرشێکی توونديان کردە سەر هەوادارانی بارسێلۆنای یانە رکابەرەکەی یانەی شاهانەو داوایان لێکرد کە تاوەکو یاریزانێکی وەک میسییان هەبێت باسی توند و تیژی پیپێ نەکەنەوە.

چەند رۆژێکە هەوادارانی ریال مەدرید لە رێگەی ماڵپەڕ و پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێرشێکی توونديان دژی لیۆنێل میسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی دەستپێکردووەو بە یاریزانێکی توند و تیژ ناوی دەبەن و تۆڵەی ئەو کاتانە لە هەوادارانی بارسێلۆنا دەکەنەوە کە بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەر کلیبەر پیپێی بەرگریکاری پورتوگالی یانەی شاهانە و بە یاریزانێکی توند و تیژ ناویان دەبرد.

مەدریدییەکان لە رێگەی کۆمێنت و وێنەی کاریکاتۆرییەوە پەیامی ئەوە بۆ کەتەلۆنییەکان دەنێرن کە لە ناو یاریگەدا پیپێ چەندە لە میسی نەرم و نیانترە، سەرەڕای ئەوی وەک خۆیان دەڵێن «پیپێ بەرگریکارەو زۆرجار ئەرکی ئەو وا دەخوازێت جۆرێک لە توند و تیژی دژی بەرامبەرەکەی بەکاربێنێت بۆ بەرژەوەندی تیپەکەی، کەچی میسی کە هێرشبەرە هیچ پێویستی بەوە نییە توند و تیژ بێت». هەروەها نووسیویانە «میسی هێرشبەر لەم وەرزەدا 4 کارتی زەردی وەرگرتووە، (3 لە لیگا و کارتێکیش لە جامی شای ئیسپاینا)، کەچی پیپێی بەرگریکار هیچ کارتی وەرنەگرتووە.. کامیان توند و تیژترە». هەروەها رووی قسەکردنیان کردووەتە کەتەلۆنییەکان و نووسیویانە «دەی پێمانبڵێن کامەیان توند و تیژترە؟». هەروەها نووسیویانە «عەیبە.. تا میسیتان هەبێت باسی پیپێ مەکەنەوە».

کلیبەر پیپێ، هەمیشە بە یاریزانێکی توند و تیژ ناسراوەو زۆرجار توند و تیژی بەرامبەر یاریزانانی تیپی بەرامبەر بەکارهێناوە، بە تایبەتیش بەرامبەر یاریزانانی بارسێلۆنای رکابەری تەقلیدی ریال مەدرید و نەخاسمەش لیۆنێل میسی، کە چەندینجار بەهۆی بارسێلۆنا و میسییەوە کارتی زەرد و سووری وەرگرتووە. بەڵام لەم وەرزەدا پیپێ هەموویانی تووشی شۆک کردووە بەو گۆڕانەی بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا هاتووە، کە لەناو یاریگەدا وەک یاریزانێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ دەردەکەوێت.



یەک نهۆمی نەخۆشخانە بۆ شاکیرا دەگرێت..

# پیکێ سووکایەتی بە برسییەکانی جیهان دەکات

**ئا: رووداوی وەرزشی**

دەزگاکانی راگەیاندنی ئیسپانیا ئەو رێوشوێنانەیان ئاشکراکرد، کە جیرارد پیکێی بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا بەر لە لەدایکبوونی منداڵی دووەمی لە گۆرانیبێژی کۆلۆمبی شاکیرا پێی هەستاوەو ئیسپانییەکانیش دەڵێن «پیکێ سووکایەتی بە برسییەکانی جیهان دەکات».

راگەیاندنەکان دووپاتیدەکەنەوە پیکێ یەک نهۆمی تەواوی لە نەخۆشخانەی تشیرۆن تیکنۆن کە باشترین نەخۆشخانەیە لە شاری بارسێلۆنا بۆ شاکیرا گرتبوو، بۆیە فەرمانی بە بەرپرسانی نەخۆشخانە کردبوو ئەو نهۆمە بەڕووی نەخۆشانی دیکە و کرێکارانی نەخۆشخانەکەش دابخەن و لێنەگەڕێن دەزگاکانی راگەیاندنیش، کە چاوەڕێی ساتی لەدایکبوونی منداڵی دووەمی پیکێ و شاکیرایان دەکرد پەی پێببەن.

### یەک باڵی تایبەت بۆ میلان

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە کارگێڕی نەخۆشخانەکە یەک باڵی تایبەتی نەخۆشخانەکەی بۆ شاکیرا لەدوای منداڵ بوونی ئامادەکردبوو، باڵەکەش لە جۆری VIP کە تایبەتە بە کەسایەتییە گەورەکان لە ئیسپانیا، ئەوانەی لەو نەخۆشخانەیە چارەسەر دەکرێن. هەروەها بەرپرسانی نەخۆشخانەکە چەندین یاری و کەل وپەلی تازەیان بۆ میلانی کوڕی یەکەمی پیکێ ئامادەکردبوو، کە لەگەڵ دایکی و برا تازەکەی هەندێ رۆژی لەوێ بەسەردبرد، بەر لەوەی ئەو نەخۆشخانەیە جێبهێڵن.

### کارێکی نامرۆڤییە

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی رەخنەی لەو کارەی پیکێ گرت و سەری لەو زیادەڕەوییەی پیکێ سوڕماوە، بەوەی یەک نهۆمی نەخۆشخانەکەی بۆ شاکیرا گرتووە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سروشتی منداڵەکەی ببێت، هەروەها رەخنەی ئاراستەی کارگێڕی نەخۆشخانەکەش کردووە، بەوەی دابینکردنی یەک نهۆمی تەواو بۆ یەک نەخۆش شتێکی نامرۆڤییەو نووسیویەتی «ئەم کارەی پیکێ لە کاتێکدایە کە ملیۆنەها خەڵک لەم جیهانەدا بەدەست برسییەتی دەناڵێنن».

رووداو وەرزشی
ژمارە (337) سێشەممە 2015/2/3



درۆیە

ویلی کابابیرۆی گۆڵچی یەدەگی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستنەوە کە باس لە بوونی کێشە و ناکۆکی لە نێوان ئەو گۆڵچییە و جۆ هارتی گۆڵچی سەرەکی یانەی مانچستەر سیتی دەکەن و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، هیچ کێشەیەک لە نێوان من و هارتدا نییە، هارت گۆڵچییەکی زۆر باشە، رۆژانە پێکەوە مەشق دەکەین، دڵنیام ئەو ئێستا باشترین گۆڵچییە لە پریمەرلیگدا، خۆشحاڵم کە لەگەڵ ئەودا مەشقەکانم ئەنجام دەدەم».

## 87 گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

ئا: ئەیاس لێڕی



ناو: حوزەیفە دۆگان
بەرواری لەدایکبوون: 1/1/1981
شوێنی لەدایکبوون: دەپ ـ باکووری کوردستان
شوێنی یاریکردن: هێڵی ناوەڕاست

### حوزەیفە دۆگان..

## کوڕە کوردەکەی مۆندیال و بۆندسلیگا

حوزەیفە دۆگان، یاریزانێکی کوردی باکووری کوردستانەو بۆ هەڵبژاردەکانی ئەڵمانیا و تورکیاو لە خولەکانی ئەڵمانیا و تورکیا و چامپیۆنسلیگ یاریکردووە.

حوزەیفە دۆگان، لە ساڵی 2000 بانگهێشتی هەڵبژاردەی تورکیای خوار تەمەن 19 ساڵی کرا. لە مۆندیالی 2001ی خوار تەمەن 20 ساڵی لە ئەرجەنتین، یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کردو 2 یاری بەرامبەر هەڵبژاردەکانی بەرازیل و کەنەدا ئەنجامدا، کە لەو لەم مۆندیالە هەردوو یاریزانی کورد هەوار مەلا محەممەد و سەلاحەددین سیامەند لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشدار بوون.

حوزەیفە دۆگان، لە ساڵی 1997 تاوەکو 2001 لە یانەی دووەمی بایرلیڤەرکۆزن بووەو لە ساڵی 2001 تاوەکو 2003ش یاریزانی یانەی یەکەمی بایرلیڤەرکۆزن بووە، لە بۆندسلیگا یاریکردووەو 2 یاریشی لە چامپیۆنسلیگی 2002 ـ 2003 بەرامبەر یانەکانی بارسێلۆنای ئیسپانی و مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی ئەنجامداوە.

لە 2003 تاوەکو 2005 ئەو یاریزانە کوردە رووی لە یانەی ئەنکەرە گۆجۆی تورکی کردووەو لە 23 یاری سۆپەرلیگدا 3 گۆڵی تۆمارکردووە. لە 2005 تاوەکو 2007 یاری بۆ یانەی پادربۆرنی ئەڵمانی کردووەو لە 34 یاری بۆندسلیگا 2دا توانی 6 گۆڵ تۆماربکات. دواتر لە 2007 ـ 2008 یاری بۆ یانەی وۆپیرتالەر کردووەو 27 یاری بۆی ئەنجامداوە. لە 2008 ـ 2010ش 62 یاری بۆ یانەی یونیۆن بەرلین کردووە. لە وەرزی 2010 ـ 2011ش یاری بۆ یانەی مۆنستەری ئەڵمانی کردووە. لە وەرزی دواتریش گەڕاوەتەوە تورکیاو یاری بۆ یانەی دەنیزلی سپۆر کردووەو لە 15 یاریدا بەشداربووەو لە 2012 ـ 2013ش بۆ یانەی مالاتیای تورکی یاریکردووە. ئێستاش و لە 2013ەوە یاریزانی یانەی ڤێلبێرتە بووە، کە لە خولی پلە سێی ئەڵمانی یاریدەکات.





### بەرئەوە بارسا پەشیمانە لە فرۆشتنی..

# سیسک باشترین گۆڵدروستکەری پریمەرلیگە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

سیسک فابریگاس، یاریزانی ئیسپانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی چێڵسی ئینگلیزی، بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لەم وەرزەدا وای لە بەرپرسانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی کردووە پەشیمان ببنەوە لە فرۆشتنی، کە ساڵی رابردوو بۆ بەرژەوەندی چێڵسی دەستبەرداری بوون.

فابریگاس بە باشترین دروستکەری یاری لە خولی ئینگلتەرا دادەنرێت لەم وەرزەدا، سیسک تاوەکو ئێستا 15 گۆڵی بۆ هاوڕێکانی دروستکردووە، لەو 21 یارییەی بەشداری تێداکردووە، لە کۆی 22 گەڕی پریمەرلیگدا. تۆڕی هو سکۆردی بەناوبانگی بەریتانی تایبەت بە ئامارەکان دەڵێت "ئەو یاریزانە نێودەوڵەتییە ئیسپانییە ناتوانێت زۆر لە دروستکردنی گۆڵ بوەستێت، بۆیە هەر 123.4 خولەک گۆڵێک دروست دەکات. تۆڕەکە باس لەوەش دەکات کە جیمس وارد براوسی ئەستێرەی ساوسهامبتۆن لە پلەی دووەم دێت و هەر 138.5 خولەک گۆڵێک دروست دەکات. پلەی سێیەمیش بەر ئەنخێل دیماریای یاریزانی مانچستەر یونایتد کەوتووە، کە هەر 171.3 خولەک گۆڵێک دروست دەکات. ئۆسکاری یاریزانی گەنجی چێڵسی لە پلەی چوارەم دێت، کە هەر 203.4 خولەک گۆڵێک دروست دەکات. جیمس میلنەری یاریزانی باڵی مانچستەر سیتی لە پلەی پێنجەم دێت، کە هەر 208 خولەک گۆڵێک دروست دەکات.

"فابریگاس لە هەر 123.4 خولەکدا گۆڵێک دروست دەکات"



# ئۆدیگارد بۆ 4 ریکۆرد چووەتە ریال مەدرید

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

تۆڕی سکای سپۆرتی بەناوبانگ، دەڵێت مارتن ئۆدیگاردی یاریزانی لاوی نەرویجی پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی کردووە لە پێناو ئەوەی 4 ریکۆرد بشکێنێت.

سکای سپۆرت لە راپۆرتێکدا باس لەوە دەکات کە تازە یاریزانی ریال مەدرید، مارتن ئۆدیگارد چەندین ژمارەی پێوانەیی لە پێشە، کە لە ماوەی داهاتوودا پێویستە بیانشکێنێت، سکای 4 ژمارەی پێوانەیی لەپێش ئەو یاریزانە 16 ساڵە داناوە، کە پێویستە لەگەڵ یانەی شاهانە بیانشکێنێت، ئەوانیش ئەمانەن:

1 ـ دەبێتە بچووکترین یاریزان بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپادا بکات، کە تاوەکو ئێستا خاوەنی ئەو ریکۆردە سلستین بابایارۆی یاریزانی نایجیرییە، کە تەمەنی 16 ساڵ و 87 رۆژ بوو. کەچی تەمەنی ئێستای ئۆدیگارد 16 ساڵ و 46 رۆژەو دەتوانێت ریکۆردەکە بشکێنێت، ئەگەر هیچ کێشەیەک نەهێتە ریگەی.

2 ـ ئەگەر توانی لە چامپیۆنسلیگدا گۆڵێک تۆماربکات، دەبێتە بچووکترین یاریزان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا گۆڵ تۆماربکات، کە تاوەکو ئێستا پیتەر ئۆفۆری خاوەنی ئەو ریکۆردەیە، کە تەمەنی 17 ساڵ و 195 رۆژ بوو، کاتێک گۆڵی لە چامپیۆنسلیگ تۆمارکرد.

3 ـ هەروەها دەبێتە بچووکترین یاریزان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا گۆڵ بۆ ریال مەدرید تۆماربکات، کە تاوەکو ئێستا رائوول گۆنزالیس خاوەنی ئەو ریکۆردەیە، کە لە تەمەنی 18 ساڵ و 113 رۆژدا گۆڵی بۆ ریال مەدرید لە چامپیۆنسلیگدا تۆمارکرد.

3 ـ دەبێتە بچووکترین یاریزان درێسی ریال مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەبەربکات، کە ئێستا خۆسێ رۆدریگیزەو لە تەمەنی 17 ساڵ و 354 رۆژیدا بە درێسی ریال مەدریدەوە یاری لە چامپیۆنسلیگدا کردووە.




لە راستیدا جارێکیان میسی و ئێنرێکی بەشەڕهاتن و دەمەقاڵییەکی زۆر لە نێوانیاندا روویدا، چونکە لە مەشقەکاندا ئێنرێکی فیکەیەکی بەهێزی بۆ میسی لێدا

جیریمی ماتیۆ
(بەرگریکاری یانەی بارسێلۆنا)



من هەرگیز رکابەری کریستیانۆ رۆناڵدۆ ناکەم، چونکە بەر لەوەی پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدریدەوە بکەم دەمزانی رۆناڵدۆ پیاوی یەکەمە لەو یانەیە

گاریس بەیڵ
(یاریزانی یانەیر یال مەدرید)



راستە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید تیپێکی باش و هاوسەنگە، بەڵام هەرگیز یارییەکی جوان و سەرەنجڕاکێش ناکات

کریستیانۆ رۆناڵدۆ
(ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید)



دەبێ دیێگۆ کۆستا باش بزانێت ئەگەر جارێکی دیکە توخنی ستیڤن جیرارد بکەوێت، ئەمجارە دەبێ رووبەڕووی من ببێتەوە

ئەدیبایۆ ئەکینفینوا
(زەبەلاحترین یاریزانی جیهان)



ئەگەر من بەڕێوەبەری کارەکانی میسی بام، دەمبردە 4 یانە، نەک بۆ پارە بەڵکو بۆ ئەوەی ئاستی بەرزتر بێتەوە

مینۆ رایۆلا
(بریکاری بەناوبانگی یاریزانان)



گواردیۆلا راهێنەرێکی باشە، بەڵام ئەو شۆڕشگێڕەش نییە کە خەڵک باسیدەکات و شتێکی وای نەکردووە ئەوەندە گەورە بکرێت

ئۆلیڤەر کان
(گۆڵچی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



### ئایا دەزانی؟

لە ماوەی 20 ساڵی رابردوودا لە نێو یاریگەکانی تۆپی پێدا، چەندین دەستدرێژی لەلایەن یاریزانان رووی داوە. رۆژنامەی مارکای ئیسپانی لیستێکی بەناوی چەندین ئەستێرەو ئەفسانەی تۆپی پێی تازە بڵاوکردووەتەوە، کە دەستدرێژییان کردووەتە سەر یاریزان و هاندەرانی تیپی بەرامبەر، بە گوێرەی راپۆرتی رۆژنامەکە ئێریک کانتۆنای فەرەنسی یاریزانی مانچستەر یونایتد، توندترین دەستدرێژی کردووەتە سەر هاندەرێکی کریستاڵ پالاس لە سەر پەیژەی یاریگەوە. دەستدرێژیکردنی پیپێی بەرگریکاری ریال مەدرید بۆ سەر یاریزانی خیتافی، کاسکیرۆ بە دووەم توندترین دەستدرێژی دانراوە. لە پلەی سێیەم دەستدرێژیکردنی خۆزێ مۆرینیۆ بۆ سەر راهێنەری کۆچکردووی بارسا، تیتۆ ڤیلانۆڤا لە پلەی سێیەم دێت. کەلەکەی زێدان لە ماتیرازی و گازگرتنەکەی سوارێز لە کللینی لە پلەکانی چوارەم و پێنجەم دێن.



## بەسیەتی

مایکل لاودرۆبی ئەفسانەی تۆپی پێی دانیمارک و ڕاهێنەری ئێستای یانەی لخویای قەتەری، ڕایگەیاند کە نزیک بووەتەوە لە وازهێنان لە ئەرکی مەشق و ڕاهێنان و گوتی «وابزانم بەسیەتی، ئێستا تەمەنم 50 ساڵە، لەوانەیە ساڵێک یان دوو ساڵ یان 5 ساڵی دیکەش بەردەوام بم، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادەم ببمە ڕاهێنەرێکی پیر و خەڵک وەک ڕاهێنەرێکی پیر بمبینن. لە ڕاستیدا زۆر بە پەرۆش نیم بۆ ڕاهێنەرایەتی و دەمەوێ زوو واز لەو پیشەیە بێنم».

# میسی ژنانییە و سزایەکەی ڕۆناڵدۆش وەک شووشەی ئاو بوو

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات ڕوودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە ڕاستیدا ڕوودەدەن:

## سزاکەی ڕۆناڵدۆ وەک شووشەی ئاو بوو



دوای ئەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بەهۆی بەکارهێنانی توند و تیژی لە دژی یاریزانێکی یانەی کۆرتوبە، لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا بە ڕاگرتن لە 2 یاری سزادرا، هەرایەکی گەورە لە ئیسپانیا نایەوە، چونکە بێجگە لە هەوادارانی ڕیال مەدرید هەموو لایەک ئەو سزایەیان بۆ هەڵە گەورەکەی ڕۆناڵدۆ بە کەم زانی. بۆ نموونە ڕۆژنامەی ئیل مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی هێرشی کردە سەر یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا، بەهۆی ئەو سزا کەمەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی هێرشبەری ڕیال مەدرید، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە «ئەو سزایە هاوتەریبی سزاکەی ڕاهێنەری ئۆساسۆنا جان ئەربانە، کە لەبەر تووڕەیی شووشەیەکی ئاوی فڕێدابووە سەر زەوی، لە کاتێکدا ڕۆناڵدۆ لە دوو یاریزانی دا و بە شەق لە دواوە لێیدان، ڕۆژنامەکە دەپرسێت ئایا ئەو دوو ڕووداوە وەک یەکن؟!».

## میسی ژنانییە

لیونێل میسی لەسەر پەیجی خۆی لە تویتەر وێنەی پێڵاوێکی ژنانەی ڕەنگ زێڕینی بڵاوکردەوە، بێئەوەی مەرامی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنە سەیرە ئاشکرا بکات. ئەمەش هەموو لایەکی تووشی شۆک کرد، چونکە کەس تێنەگەیشت مەبەستی میسی لە بڵاوکردنەوەی ئەم وێنەیە چییە. لەو بارەوە میسی نوسیوویەتی «ئەو پێڵاوە لە کوێ هاتووە؟». لێکدانەوەکان لە یەکدی جیاواز بوون، هەندێک پێیانوابوو میسی کارێکی ژنانەی کردووە. هەندێکی دیکەش لەو بڕوایەدا بوون کە میسی ئەو پێڵاوەی بۆ هاوسەرەکەی کڕیوە، کەچی هەندێکی دیکە پێیانوابوو پێڵاوەکە دیاری هاوڕێیەکی میسییە لە لەندەن، بۆی ناردووە بۆ ئەوەی میسی بیکاتە دیارییەکی بەنرخ بۆ هاوسەرکەی، بەڵام شێوەی پێڵاوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هاوسەرەکەی میسی ئەو جۆرە پێڵاوە لە پێ ناکات، لەبەرئەوەی کلاسیکییە و زۆر لە مێردەکەی سادەترە.



## هاندەران تابووت بۆ یاریزانەکانیان دروستدەکەن



هاندەرانی تیپی زاویسزای پۆڵەندی بە شێوەیەکی زۆر سەیر و چاوەڕواننەکراو تووڕەیی خۆیان لە خراپبوونی ئەنجامی یانەکەیان ڕاگەیاند، کە لە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی ئەو وڵاتە یاری دەکات و لە خوارەوەی لیستی یانەکان دێت، بەمەش زۆر لە دابەزین نزیک بووەتەوە، لەبەرئەوەی لە دوایین 10 یارییدا هیچیانی نەبردووەتەوە. هاندەرانی زاویسزا شێوازێکی تازەیان بۆ دەربڕینی تووڕەییان لە کارگێڕی و ڕەوشی خراپی یانەکە دۆزیووەتەوە، ئەویش ئەوەیە هەندێ هاندەری یانەکە بە دزی خۆیان گەیاندە نێو یاریگەی یانەکە و 15 تابووتیان لەنێو یاریگە دانا و پیتی یەکەمی ناوی یاریزانەکانیان لەسەریان نووسی، بێجگە لە دوو تابووتی تایبەت بۆ سەرۆک و ڕاهێنەری یانەکە و پیتی یەکەمی ناوی ئەوانیشیان لەسەر نووسی.

# بۆچی ڤینگە باشترین ڕاهێنەری جیهانە

بەشی یەکەم



**هەوراز کاوە**

چەند هۆکارێک وادەکەن ئارسن ڤینگەری ڕاهێنەری فەرەنسی یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی ببێتە یەکێک لە باشترین ڕاهێنەرانی جیهان، کە زۆرترین دەستکەوتی بۆ یانەکەی بەدەستهێناوە.

لە چەندین ڕاپرسیدا، ڤینگەر لەلایەن هاندەرانی یانەی ئارسناڵەوە تووشی ڕەخنەگرتن بوو، کۆمەڵێک داوایانلێکرد یانەکە جێبهێڵێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانە ڤینگەر بەردەوام بوو، توانی یانەکە بکات بە یەکێک لە یانە دیارەکانی کیشوەری ئەوروپا. ئەو کەسێکی گونجاوە لەگەڵ یانەی ئارسناڵ، هەرچەندە لەم 5 ساڵەی دواییدا یانەکەی لە بەدەستهێنانی نازناوەکان شکستی هێناوە. لە لایەکی دیکەوە هەندێک لە هاندەرانی ئارسناڵ بەختەوەرن کە پیاوێکی وەک ڤینگەر ڕاهێنەرایەتی یانەکەیانی لە ئەستۆ گرتووە. لە هەمانکاتدا پێویستە هاندەرانی یانەکە ڕێز لە ماندوویەتی ئەو ڕاهێنەرە بگرن، بەتایبەتی لەم وەرزەدا کە یانەکەی تووشی کەمترین شکست بووە.

دەکرێت بە چەند خاڵێک ئاماژە بەو هۆکارانە بکەین کە ئەو ڕاهێنەرەیان کردووەتە باشترین ڕاهێنەر لە جیهاندا.

1 ـ ڤینگەر زۆر بڕیاری زیرەکانەیدا لە کڕین و فرۆشتنی یاریزانی نوێ. ئەو کاتی گونجاو دەزانێت بۆ کڕین و فرۆشتنی یاریزانان. نیکۆلاس ئەنێلکا، باشترین نموونەیە، کاتێک ئەو ڕاهێنەرە ئەو یاریزانەی پێشووی یانەی پاریس سانجێرمانی بردییە یانەکەی، دواتر بەبڕی 22 ملیۆن دۆلار دای بە یانەی ڕیال مەدریدو بە پارەکەی هەردوو یاریزان، تێری هێنری و ڕۆبەرت پیرێزی کڕی.

2 ـ ئەو ڕاهێنەرە ئازادییەکی زۆری بە یاریزانانی داوە لە جموجۆڵکردن لە یاریگەدا. ڤینگەر یانەی ئارسناڵی کردە تیپێک کە یاریزانەکانی زۆرترین تۆپ لەلای خۆیان بهێڵنەوە. هێنان و بردنی تۆپ بەخێرایی و گرتنی تۆپ بە جوانترین شێوە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ئەو ڕاهێنەرە، بە مەرجی ئەوەی یاریزانانی زیرەکی و لێهاتوویان هەبێت.

ئەو ئازادییە وای لە یاریزانانی کردووە چەندین گۆڵی جوان تۆماربکەن و ئازادی زۆرتر وەرگرن و شێوازی یاری یانەکە بگۆڕن.

3 ـ پەیوەندی ڤینگەر وەک باوک و مامۆستایە بۆ یاریزانانی، ئەوە بووەتە هۆکاری پەیوەندیەکی توند لەگەڵ یاریزانەکانی و نەمانی کێشە لە نێوان یانەکەو یاریزانەکان. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ئارسن ڤینگەر ڕاهێنەری یانەی ئارسناڵ بووە، تەنیا یەک یاریدەدەری بووە بۆ کاتی یارییەکان و ئەوەش بووەتە هۆکاری دروستکردنەوەی بینای تیپەکە لەلایەن ئەو ڕاهێنەرەوە.

4 ـ لە ماوەی ڕاهێنەرایەتی ئارسناڵدا، ڤینگەر کۆمەڵێک یاریزانی لاوی جیهانی دیاریکرد، کە دواتر بوونە کۆمەڵێک لە باشترینەکانی جیهان. دواتر ڤینگەر کۆمەڵێک یاریزانی کۆکردەوەو لە ماوەیەکی کەمدا کردنی بە باشترین یاریزان و ئەستێرەکانی جیهانی تۆپی پێ لە ماوەیەکی کەمدا. دۆزینەوەی کەسێک لە تەمەنی لاویدا کارێکی گرانە، بەڵام ڤینگەر توانی کۆمەڵێک لەو یاریزانانە لە وڵاتانی جیاواز جیاواز کۆبکاتەوە. بۆ نموونە وەک سیسک فابریگاس، کە لە تەمەنی 16 ساڵیدا، بووە یەکێک لە باشترین یاریزانانی جیهان لە ناوەندی یاریگەدا.

# مۆرینیۆ: جیرارد و لامپارد بێهیوایان کردم

**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

خۆزێ مۆرینیۆ، ڕاهێنەری پورتوگالی باسی وردەکاری دانوستانەکانی لەگەڵ فرانک لامپارد کرد و ڕەخنەی ژێر بەژێری زۆری لە یاریزانەکە گرت. ئەو ڕاهێنەرە دانی بەوەدا ناوە کە دانوستانی لەگەڵ فرانک لامپاردی یاریزانی پێشووی چێڵسی کردووە، ئەو کاتەی ڕاهێنەری ئەنتەرمیلان بووە. بەڵام دەستەوارەکە سەری نەگرتووە وەک چۆن دەستەوارەی گواستنەوەی ستیڤن جیرادریش بۆ یانەی چێڵسی سەری نەگرت، لە ماوەی یەکەمی مۆرینیۆ لە چێڵسی.

مۆرینیۆ لەم بارەوە گوتی «ئەو کاتەی ڕاهێنەری ئینتەرمیلان بووم لە ساڵی 2008 هەستم بە بێهیوایی کرد، ئەو کاتەی ڕاهێنەری چێڵسیش بووم نەمتوانی ستیڤن جیرادر پەلکێشی یانەکەم بکەم، لەگەڵ لامپاردیش هەمان شت ڕوویدا ئەو کاتەی ڕاهێنەری ئینتەرمیلان بووم، زۆر زۆر لە ئێمە نزیک بوو، بەڵام سەری نەگرت. هەندێ بێهیوایم هەیە و ئەمەش لە بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان شتێکی ئاساییە».

مۆرینیۆ پێشتر ڕایگەیاندووە کە هیوای ئەوەی خواستووە، ڕاهێنەرایەتی لامپارد، جیرارد و کلۆد ماکالیلی بکات و بە سێگۆشەیەکی کراوە یاری بکات، بێ یاریزانی ژمارە 10، بەڵام جیرارد نەیهێشتووە ئەو خەونەی بێتەدی کاتێک پێیگوتووە «خەیاڵی ئەوە ناکەم گۆڵ لە لیڤەرپوول تۆماربکەم». مۆرینیۆ سەرسامی خۆی بە هۆشمەندی جیرارد و دڵسۆزی ڕاستەقینەی بۆ لیڤەرپوول دەربڕی، کە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا ئەوگوتەی مۆرینیۆیان بە ڕەخنەیەکی تازە بۆ لامپارد لێکدایەوە، دوای ئەوەی ڕازی بوو لەم وەرزەدا درێسی مانچستەر سیتی لەبەربکات، کە بە شێوەی خواستن لەلایەن یانەی نیویۆرک سیتی ئەمریکییەوە، بە مانچستەر سیتی دراوەو یاری بۆ ئەو یانەیە یاری دەکات.





رووداو وەرزشی
ژمارە (337) سێشەممە 2015/2/3

# خشتەی یاریەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

خولی ئەڵمانیا
سێشەممە 2015/2/3
10:00
بایرن میونشن - شاڵکە

جامی ئیتاڵیا
چوارشەممە 2015/2/4
10:45
ناپۆلی - ئینتەرمیلان

جامی ئەفریقیا
چوارشەممە 2015/2/4
11:00
کۆنگۆ - کوتدیڤوار

خولی ئینگلتەرا
شەممە 2015/2/7
03:45
تۆتنهام - ئارسناڵ

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 22)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/2/6** | |
| دیپۆرتیڤۆ - ئیبار | 10:45 |
| **شەممە 2015/2/7** | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید | 06:00 |
| ڤیاڕیاڵ - گەڕناتە | 08:00 |
| لیڤانتی - مەلەگە | 10:00 |
| ریال سۆسیداد - سێلتاڤیکۆ | 12:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/8** | |
| کورتۆبە - ئەلمێریا | 02:00 |
| گیتافی - سڤیلیا | 07:00 |
| ئیسپانیۆل - ڤالێنسیا | 09:00 |
| ئەتلەتیک بلباو - بارسێلۆنا | 11:00 |
| **دووشەممە 2015/2/9** | |
| ئیلچێ - رایۆ ڤالیکانۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 51 |
| 2 - بارسێلۆنا | 50 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 47 |
| 4 - سڤیلیا | 42 |
| 5 - ڤالێنسیا | 41 |
| 6 - ڤیاڕیاڵ | 38 |
| 7 - مەلەگە | 32 |
| 8 - ئیبار | 27 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 26 |
| 10 - سێلتاڤیکۆ | 24 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 28 |
| 2 - میسی | بارسێلۆنا | 22 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 15 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 12 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 11 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (مەلەگە - ڤالێنسیا) دانراوە.

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 24)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2015/2/7** | |
| تۆتنهام - ئارسناڵ | 03:45 |
| ئەستۆن ڤێلا - چێڵسی | 06:00 |
| لیستەر سیتی - کریستاڵ پالاس | 06:00 |
| مانچستەر سیتی - هاڵ سیتی | 06:00 |
| کۆینز پارک رێنجەرز - ساوسهامبتۆن | 06:00 |
| سوانزی سیتی - سەندرلاند | 06:00 |
| ئێڤەرتۆن - لیڤەرپوول | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/8** | |
| بێرنلی - وێست برۆمیچ | 03:30 |
| نیۆکاسل - ستۆک سیتی | 05:05 |
| وێستهام - مانچستەر یونایتد | 07:15 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 53 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 48 |
| 3 - مانچستەر یونایتد | 43 |
| 4 - ساوسامبتۆن | 42 |
| 5 - ئارسناڵ | 42 |
| 6 - تۆتنهام | 40 |
| 7 - لیڤەرپوول | 38 |
| 8 - وێستهام | 36 |
| 9 - سوانزی سیتی | 33 |
| 10 - ستۆک سیتی | 32 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 17 |
| 2 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 14 |
| 3 - ئۆستن | کۆینز پارک | 13 |
| 4 - سانچێز | رێنجەرز ئارسناڵ | 12 |
| 5 - کین یانە | تۆتنهام گۆڵ | 10 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 22)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2015/2/7** | |
| ڤیرۆنا - تۆرینۆ | 08:00 |
| یوڤانتۆس - میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/2/8** | |
| فیۆرەنتینا - ئاتالانتا | 02:30 |
| ئیمپۆلی - چیزینا | 05:00 |
| پارما - کیێڤۆ | 05:00 |
| سامپادۆریا - ساسۆلۆ | 05:00 |
| ناپۆلی - ئۆدینێزی | 05:00 |
| کالیاری - رۆما | 05:00 |
| ئینتەرمیلان - پالێرمۆ | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/2/9** | |
| لازیۆ - جەنەوا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 50 |
| 2 - رۆما | 43 |
| 3 - ناپۆلی | 39 |
| 4 - لازیۆ | 34 |
| 5 - سامپادۆریا | 34 |
| 6 - فیۆرەنتینا | 32 |
| 7 - پالێرمۆ | 30 |
| 8 - میلان | 29 |
| 9 - جەنەوا | 29 |
| 10 - تۆرینۆ | 28 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 13 |
| 2 - هیگواین | ناپۆلی | 12 |
| 3 - مینێز | میلان | 12 |
| 4 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 11 |
| 5 - دیبالا | پالێرمۆ | 11 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 19)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/2/3** | |
| بایرن میونشن - شاڵکە | 10:00 |
| مونشنگلادباخ - فرایبۆرگ | 10:00 |
| هانۆڤەر - ماینز | 10:00 |
| فرانکفۆرت - فۆلفسبۆرگ | 10:00 |
| **چوارشەممە 2015/2/4** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - ئۆگسبۆرگ | 10:00 |
| هێرتا بەرلین - بایرلیڤەرکۆزن | 10:00 |
| کۆڵن - شتۆتگارت | 10:00 |
| هۆفنهایم - ڤێردەربرێمەن | 10:00 |
| پادربۆرن - هامبۆرگ | 10:00 |
| **هەینی 2015/2/6 (هەفتەی 20)** | |
| شاڵکە - مونشنگلادباخ | 10:30 |
| **شەممە 2015/2/7** | |
| شتۆتگارت - بایرن میونشن | 05:30 |
| فۆلفسبۆرگ - هۆفنهایم | 05:30 |
| فرایبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| کۆڵن - پادربۆرن | 05:30 |
| ماینز - هێرتا بەرلین | 05:30 |
| هامبۆرگ - هانۆڤەر | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/2/8** | |
| ڤێردەربرێمەن - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| ئۆگسبۆرگ - فرانکفۆرت | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 45 |
| 2 - فۆلفسبۆرگ | 37 |
| 3 - مونشنگلادباخ | 30 |
| 4 - شاڵکە | 30 |
| 5 - ئۆگسبۆرگ | 30 |
| 6 - بایرلیڤەرکۆزن | 29 |
| 7 - هۆفنهایم | 26 |
| 8 - هانۆڤەر | 24 |
| 9 - فرانکفۆرت | 23 |
| 10 - کۆڵن | 22 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 24)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2015/2/6** | |
| سانت ئیتیان - لانس | 10:30 |
| **شەممە 2015/2/7** | |
| رین - مارسیلیا | 07:00 |
| ئیڤیان - بۆردۆ | 10:00 |
| سانت ئیتیان - لانس | 10:00 |
| مۆنبیلیە - لیل | 10:00 |
| ریمس - لۆریان | 10:00 |
| باستیا - میتز | 10:00 |
| کان - تۆلۆز | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/2/8** | |
| گانگۆن - مۆناکۆ | 04:00 |
| نیس - نانت | 07:00 |
| لیۆن - پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیۆن | 49 |
| 2 - مارسیلیا | 47 |
| 3 - پاریس سانجێرمان | 47 |
| 4 - سانت ئیتیان | 40 |
| 5 - مۆناکۆ | 40 |
| 6 - مۆنبیلیە | 36 |
| 7 - بۆردۆ | 34 |
| 8 - نیس | 32 |
| 9 - نانت | 32 |
| 10 - رین | 30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 2 - جینیاک | مارسیلیا | 14 |
| 3 - بۆڤی | گانگۆن | 11 |
| 4 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 5 - دیاباتی | بۆردۆ | 8 |

## گۆڵکارانی خولی ئەڵمانیا

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ماییێر | فرانکفۆرت | 13 |
| 2 - رۆبن | بایرن میونشن | 10 |
| 3 - مۆتینگ | شاڵکە | 10 |
| 4 - ئۆکازاکی | ماینز | 8 |
| 5 - بلعەرەبی | بایرلیڤەرکۆزن | 8 |

## جامی ئینگلتەرا

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/2/3** | |
| مانچستەر یونایتد - کامبریدج یونایتد | 10:45 |
| **چوارشەممە 2015/2/4** | |
| بۆڵتۆن - لیڤەرپوول | 10:45 |

## جامی ئیتاڵیا

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2015/2/3** | |
| رۆما - فیۆرەنتینا | 10:45 |
| **چوارشەممە 2015/2/4** | |
| ناپۆلی - ئینتەرمیلان | 10:45 |

## جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا

| یاری | کات |
|---|---|
| **چوارشەممە 2015/2/4** | |
| کۆماری کۆنگۆ - کوتدیڤوار | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2015/2/5** | |
| غانا - غینیا | 11:00 |

خولی ئیسپانیا
شەممە 2015/2/7
06:00
ئەتلەتیکۆ مەدرید - ریال مەدرید

خولی ئینگلتەرا
شەممە 2015/2/7
08:30
ئێڤەرتۆن - لیڤەرپوول

خولی ئیتاڵیا
شەممە 2015/2/7
10:45
یوڤانتۆس - میلان

خولی فەرەنسا
یەکشەممە 2015/2/8
11:00
لیۆن - پاریس سانجێرمان



## خراپترینە

سەرەڕای ئەوەی خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی بە درێژایی مێژووی خۆی چەندین یاریزانی توووندو تیژ و ئاژاوەچی و ناپابەندی بەخۆیەوە بینیوە، ئینگلیزەکان پێیانوایە هیچ یەکێک لەو یاریزانانە هێندەی ماریۆ بالۆتێلی هێرشبەری ئیتاڵی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی خراپ نەبووە، هەرچەندە تەنیا وەرزێکە یاری لەو خولەدا دەکات. لەو بارەوە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی ڕاپرسـێکی بەرفراوانی ئەنجامدا بۆ دەستنیشـانکردنی خراپترین و ناپابەندترین یاریزان لە مێژووی پریمەرلیگدا. دەرئەنجام دەرکەوت کە زۆربەی ئینگلیزەکان بۆ ئەو نازناوە بالۆتێلییان هەڵبژاردووە.



ڕێبوار محەممەد

# خۆڵکردنە چاوی خەڵک بەناوی بارساوە

جارێکی دیکەش لەسەر بابەتێکی هاوشێوەم نووسی، بەڵام نازانم کەی، ئەوکات ئەوەندەی لەبیرم مابێت، وەزیرێکی فەرەنسی ڕایگەیاندبوو ئامادەیە شوو بە لیۆنێل مێسی بکات، دوای بەدواداچوون بۆ بابەتەکە، بۆم دەرکەوت ئەو خاتوونە فەرەنسییە هەڵبژاردنێکی لەپێش بوو، بۆ ئەوەی بتوانێ زۆرترین دەنگ بۆخۆی کۆبکاتەوە، کورد گوتەنی بەپێی پەتی بەناو کەوتبوو و ناوی مێسی هێنابووە ناو ناوانەوەو دواتریش هەڵبژاردنەکەی بردەوەو شووەکەشی بە مێسی نەکرد.

ئێستا ئەوە باوە، لە هەر سوچێکی دنیادا شتێک ببەستەرەوە بە ڕۆناڵدۆ یان مێسییەوە، یان ڕیال و بارساوە، ئیدی بۆخۆی دەبێتە باس و خەڵک قسەی لەسەر دەکەن.

مێسی و ڕۆناڵدۆ و کەمتریش ڕیال و بارسا باشترین ناونیشانن، هەرئەوەندەی ڕۆناڵدۆ و ئیرینا شایک ڕایانگەیاند دەستبەرداری یەکدی بوون، خاتوونێک لەوپەڕی دنیاوە هاتە ناو باسەکەوە و گوتی من ئامادەم خۆم پێشکەشی ڕۆناڵدۆ بکەم و پەیوەندی لەگەڵدا ببەستم، ئەو خاتوونە هەرچەندە کارێک دەکات بازاڕی باشە، وەلێ هەرگیز هێندەی ئەو دوو ڕۆژەی پاش ئەو قسەیە گەڕان و سێرجی لە دنیادا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گۆگڵ بۆ نەکراوە.

مێسیش بەهەمان شێوەیەو بگرە زیاتریش، ئەوەتا مەلایانی مزگەوتیش ماوەیەک لەمەوپێش لە کوردستان پەنایان بۆ برد و هەندێک داوایان لە هاونیشتمانییانی ئەم وڵاتە کرد هاوشێوەی ئەوبن و لەبیریان چوو، مێسی لە کوردستان لایەنگری چەندە، دوژمنیشی ئەوەندەیە ئەگەر زیاتریش نەبێت.

هاوکارە ڕۆژنامەنووسەکانم باش لە مانای ئەو دێڕە تێدەگەن کە نووسین بەناوی ڕۆناڵدۆ و مێسییەوە چەند سەرنجڕاکێشەو لە هەر شوێنێک لەم کوردستانەدا بە باش یان خراپ باسی ئەو دووانە بکەیت، یان ناویان بهێنیت، یان ناونیشانی هەواڵێکیان بەناوەوە بکەیت، ژمارەی خوێنەرەکانت دوو هێندە دەبن کە لە هەواڵێکی ئاساییدا هەتە، ئیدی ئاوهایە.. ئێمەی کورد گیرۆدەی دەردێکین ناوی بارسا و ڕیالە.

کێشە ئەوە نییە هەموو وەرزشی کوردستان خەریکی ئەوەیە، ئامانجی ئەم دێڕانەش بۆ ئەوە نین، کێشەکە ئەوەیە ئەو دوو زاتە بوونەتە بیانوویەکی باش بۆ ئەوەی لە پاڵیانەوە پەلاماری هەر کەسێک بدەیت، سووکایەتی پێ بکەیت و تێر جنێویشی بکەیت. دوور نا.. چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، کاتێک ڕۆناڵدۆ بۆ سێیەمجار لە مێژووی خۆیدا بووە باشترین یاریزانی جیهان، واڵی فەیسبووکەکان شەڕی گەورەیان لە نێودا دروستبوو لەسەر مێسی و ڕۆناڵدۆ، ئەوەندەی گەنجەکانی ئەم وڵاتە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە پەلاماری یەکتریان دا و یەکدییان تێر جنێو و سووکایەتی کرد، باوەڕ ناکەم لە شوێنیکی دیکە لە دنیادا ڕوویدابێت..

ئەوانە هەمووی لێگەڕێ، خۆ هەڵواسین بە بارسێلۆنادا بە تایبەت بووەتە دیاردەیەکی مەترسیدار، بەڕێزێک کە دڵنیام تا ئێستا یارییەکی ئەو یانەیەی نەبینیوە، ناوی دوو یاریزانی یانەکە نازانێ، دوورنییە نەزانێ چەند یاریزانیش لە یاریگەدا لە هەر تیپێک یاریدەکەن، هاتووە بەناوی بارساوە (وەک ئەو دەڵێ بەرشەلۆنە) ڕیزێک قسەی بێمانای نووسیوەتەوە و دەڵێ لای بەرپرسێک بووم لەبەر تەماشاکردنی یاری بەرشەلۆنە (وەک ئەو دەڵێ) وەڵامی هاووڵاتییەکی نەداوەتەوە.

گومانم لەوە نییە بەرپرسی کورد هەیە شتی زۆر لەوە ناقۆڵاتریش دەکەن، بەڵام گومانم لەوە دووپاتدەکەمەوە تۆ یارییەکی بارسات بینیبێت بە درێژایی ژیانت، چونکە ئەگەر بتبینیایە دەتزانی بارسا لە شەودا (بەکاتی باشووری کوردستان) یاریدەکات نەک وەک ئەوەی تۆ دەڵێی لە کاتی دەوامی فەرمانگە حکومییەکاندا، دەربڕینەکەت لاوازە، ناڕاستییەکەشت قەبە، ئەگەر دەتەوێ خۆت بە بابەتێکدا هەڵواسی، واز لە بارسا بێنە، ئەوەیان خۆڵکردنە چاوی خەڵکە بەناوی بارساوە.

ئیسپانییەکان دەڵێن مەسیحییە..

# تۆرێس تەنیا کڕنۆش بردنەکەی موسڵمانانەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

فێرناندۆ تۆرێس، هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی بە کڕنووش بردنێکی موسڵمانانە هەرایەکی گەورەی لەنێو موسڵمانان و مەسیحیان نایەوە، موسڵمانان دەڵێن «تۆرێس موسڵمانە». مەسیحییەکانیش دەڵێن «نەخێر، تۆرێس مەسیحییە».

دوای ئەوەی لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی 8ی جامی شای ئیسپانیادا، فێرناندۆ تۆرێسی هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە یەکەم خولەکدا گۆڵێکی لە یانەی بارسێلۆنا تۆمارکردو وەک موسڵمانان کڕنۆشی برد، زۆر لە ماڵپەڕ و پێگە ئەلیکترۆنییەکان، بە تایبەتیش عەرەبی و ئیسلامییەکان ڕایانگەیاند کە تۆرێس موسڵمان بووەو لەو یارییەدا ئیسلامیەتی خۆی ڕاگەیاندووە. بەڵام ئەوەندەی نەبرد سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا ئەو هەواڵەیان ڕەتکردەوەو ڕایانگەیاند کە تۆرێس موسڵمان نییەو پابەندە بە ئایینی مەسیحی.

یەکێک لە پێگە عەرەبییەکان نووسیبووی «تۆرێس سەلماندی کە موسڵمانە». یەکێکیش نو و سیبو و ی «ئیدی هیچ گو ما نێک لە سە ر موسڵمانیەتی تۆرێس نەما». هەروەها چەندین پێگەی دیکەش بە چەندین شێوە باسی ئەو دیمەنەیان کردبوو. بەڵام ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا بە تایبەتیش مەدریدییەکان ڕایانگەیاند «تۆرێس موسڵمان نییە، ئەو مەسیحییەو ئەو کڕنۆشەی بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خۆی بوو بۆ یاریگەی فیسێنتی کالدیرۆن و جەماوەری ئەتلەتیکۆ مەدرید».

ئەمە لە کاتێکدایە کە خودی تۆرێس تاوەکو ئێستا هیچ کۆمێنتێکی لەو بارەوە نەداوە.



رووداو وەرزشی

LOTTO

(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..................................................

مۆبایل : ............................ ..........................

5

سی و هەشتەمین پێشبڕکێ


شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان خەڵاتەکان
1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.

پێشبڕکێ

بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت



محەممەد سدیق
لە
سەید سادق
بە لێدوانی:
( بە شاهیدی ئەم وێنە، ڕۆناڵدۆیە بێ وێنە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.







سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: بەختیار مستەفا – هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

رووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net
ڕووداو
هەموو دووشەممەیەک
بخوێنەوە